وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتی عێراقییەکانی دیاریکرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتی عێراقییەکانی دیاریکرد.

وتەبێژی وەزارەت عەبدولزەهرە هنداوی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دەزگای سەنتەری ئامار ڕاپرسییەکیلەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان بە خێزان و تاك بە ساڵی 2022 ئەنجامدا، وئاماژەی بۆشدا: لەسەدا 68ی عێراقییەکان کە تەمەنیان لە سەرووی 5 ساڵەوەیە مۆبایل بەکاردەهێنن،و ڕێژەی بەکارهێنانی تەلەفۆنیش لای ڕەگەزی نێر دەگاتە لەسەدا 90، لەبەرامبەردا لەسەدا 81 ڕەگەزیمێن.

ئاشکراشیکرد: ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەریخستووە ڕێژەی ئەو کەسانەی مۆبایل بەکارناهێنن تەنها لەسەدا14 بووە.

ڕونیشیکردەوە: ڕێژەی بەکارهێنانی مۆبایل لە پارێزگای بەغداد زەرترینە و گەیشتووەتە (97%)، دواترپارێزگای نەجەفی ئەشرەف بە ڕێژەی (93.5)، دواتر پارێزگای بەسرە بە ڕێژەی کەمەك کەمترەو دەگاتە(93%)، و پارێزگای کەرکوك پلەی چوارەمی بەدەستهێنا بە ڕێژەی (92%)، پارێزگای واست بە ڕێژەی(72%) پلەی پێنجەمی بەدەستهێناوە.

هنداوی ئاماژەی بۆشکرد: ئەنجامی لاپرسیەکە دەریخستووە کە ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان (5)ساڵ و سەرووترە و مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن گەیشتووەتە (92%)، بە بەراورد لەگەڵ (10%) کەمبایلەکی ئاسایی بەکاردەهێنن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بەپێی ئەنجامی لاپرسیەکە، هنداوی لایگەیاند: ژمارەی ئەوکەسانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن کە تەمەنیان (5) ساڵ و سەرووترە گەیشتووەتە (79%)، بەم شێوەیە دابەشکراوە:

(85%) بە نێر و (72%) بە مێ.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، هنداوی تەئکیدیکردەوە: کە بەغدادی پایتەخت لە پلەی یەکەمدایە لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ژمارەی (96%)، دواتر پارێزگای بەسرە (92.5%)، پارێزگای کەرکوك(85%) و نزمترین ژمارەی سەدی بە پارێزگای موسەننایە بووە (62%)، و وتیشی: ئەنجامی لاپرسیەکەئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی ئەو خێزانانە دەکات کە لە ماڵەوە هێمای ئینتەرنێتیان هەیە بە (87%). لەسەرئاستی ژینگەیی، دەرکەوتووە کە ژمارەکە لە شارەکاندا گەیشتووەتە (92%) بە بەراورد بە (83%) لەلادێکان.